کاتێک پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- وەفاتی کرد، هیچ دینار و درهەمێک، یان کۆیلە و کەنیزەکێک، یان هیچ شتێکی تری لە دوای خۆی بەجێنەهێشت، جگە لە ماینە سپیەکەی، و چەکەکەی، و پارچە زەوییەک نەبێت کە بۆ خێر داینابوو

لە عەمرو کوڕی حاریسەوە بۆی جوەیریەی کچی حاریس -ڕەزای خوایان لێبێت- کە خێزانی پێغەمبەری خودایە -صلى الله عليه وسلم- ودایکی ئیماندارانە، دەڵێت: کاتێک پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- وەفاتی کرد، هیچ دینار و درهەمێک، یان کۆیلە و کەنیزەکێک، یان هیچ شتێکی تری لە دوای خۆی بەجێنەهێشت، جگە لە ماینە سپیەکەی، و چەکەکەی، و پارچە زەوییەک نەبێت کە بۆ خێر داینابوو.

[سەحیح - ڕاست)] [(البخاري) ڕیوایەتی کردووە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- وەفاتی کرد، و لە پاش خۆی نە درهەمێکی زیو و نە دینارێکی زێڕی بەجێهێشت، نە کۆیلەیەک و نە کەنیزەیەك، و نە مەڕێك و نە وشترێك و نە هیچ شتێک لە پارە و سامانی؛ بەجێهێشت، جگە لە ماینە سپییەکەی کە سواری دەبوو، و چەکەکەی کە هەڵیدەگرت، و زەوییەک کە لە کاتی تەندروست باشیدا ڕایگرتبوو بۆ ڕێبواران.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/65821